# ئایا نەتان بیستووە؟ ئایا نەتان بیستووە؟ سادە بوون لە ئیمانەوەیە، سادە بوون لە ئیمانەوەیە

لە ئەبی ئومامە ئیاس کوڕی سەعلەبەی ئەنساڕی حارسیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژێکیان باسی (ڕازاوەیی) دونیایان کرد لە کاتی ئامادەبوونی ئەو، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا نەتان بیستووە؟ ئایا نەتان بیستووە؟ سادە بوون لە ئیمانەوەیە، سادە بوون لە ئیمانەوەیە»، گێڕەرەوەی فەرموودەکە دەڵێت: واتا سادە بوون لە پۆشاک وحاڵدا.
[حەسەن لغیرە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

جارێکیان کەسانێک لە هاوەڵی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی (ڕازاوەیی) دونیایان کرد لە کاتی ئامادەبوونی ئەو، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو: (ئایا نەتان بیستووە؟)؛ واتا گوێبگرن وئەمەی دووبارە کردەوە، سادە بوون لە پۆشاک وحاڵدا لە ڕەوشتی ئەهلی ئیمانە، وئیمان هاندەرە بۆئەوەی مرۆڤ سادە بێت لە پۆشاک وحاڵیدا، وجلی ناوازە وبەناوبانگ بوون لەبەر نەکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5793

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee